# کورتەیەک دەربارەی مێژووی کتێب و کتێبخانە و پۆلێنکردن

ئارام مەجید شەمێرانی
(هەڵەبجە)
(١- ٢)

## پێشەکی

سەردەمی ئەمڕۆ بەسەردەمی شۆڕش و تەقینەوەی زانست و زانیارییەکان ناسراوە، کە لەم سەردەمەدا زانست و زانیارییەکان بەخێراییەکی زۆر گەشە دەکەن و بەهەموو ناوچەکانی دنیادا بڵاودەبنەوە، بەشێکی ئەم تەقینەوە زانستییەش لە چاپەمەنی و بڵاوکراوەکاندا خۆی دەبینێتەوە و بەشێوەی کتێب و گۆڤار و نامەی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە.

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە گرنگی بە نووسین و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی داوە، ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی نووسینی سەرەتایی، لەبەر ئەوەش مرۆڤ بیری لەوە کردەوە کە ئەو نووسراوە تۆمارکراوانە لە جێگەیەکدا هەڵگرێت و لە لەناوچوون بیانپارێزێت، نووسینیش هەنگاوی زۆری بڕی تا گەیشتە ئەوەی لەنێو لاپەڕەکانی کتێبدا بەشێوەی کتێب تۆماربکرێن و چاپ بکرێن، گرنگە جێگەیەک هەبێت ئەو کتێب و تۆمارانەی تێدا هەڵبگیرێن، بەمەش کتێبخانە پەیدابوو کە لە مێژوو و شارستانیەت و زمانی گەلاندا بەناوی جیاواز ناوی تۆمارکراوە.

مێژووی کتێب و کتێبخانە لەم سەردەمەدا بەشێکی گرنگە لە زانستی کتێبخانەکان، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم مێژووە درێژە، چونکە سەرەتاکەی لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە و فراوانە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بنکەکانی ئەو شارستانیەدا دەڕوات و لە قۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکە، بۆیە زۆر ئاسان نییە سەرەتایەک، یان مێژوویەک بۆ دەستنیشانکردنی مێژوو و شوێنی سەرەتای دەرکەوتنی کتێب و کتێبخانە دیاری بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای کتێبخانەکان لە میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل دەرکەوتووە، دواتریش چەندان کتێبخانەی جۆراوجۆر پەیدابوون.

لەسەردەمی ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و بڵاوکراوەکان بەشێوەیەکی فراوان چاپ دەکرێن و بەناوەندەکاندا بڵاودەکرێنەوە و کۆدەکرێنەوە، ڕاستییەکەشی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کتێب

و بڵاوکراوەکان پێویستی بەیاساوڕێسایەک هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو بڵاوکراوانە بەشێوازێکی زانستی ڕێک بخرێن و بخرێنە بەردەست بۆ ئەوەی بەئاسانی سوودیان لێ وەربگیرێت و بەردەست بخرێن.

لێرەوە گرنگی بنەماکانی کتێبخانە و پۆلێن و پۆلێنکردنی کتێبەکان پەیدابوو، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی باش و بەرچاو کتێب و بڵاوکراوە لە زانستەکانی پێرست و پۆلێندا پەیدا ببن، چونکە ژیانی ڕۆژانەی هەمووان پێویستی بە پۆلێنکردنە، هەر لەبەر ئەوە پۆلێنکردن بەشێکی زۆری ژیانی داگیرکردووین، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ئەمەش لە ڕێکخستنی ماڵ و جلوبەرگ، تا تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیانمان، بەتایبەت لەبواری کتێب و کتێبخانەدا، چونکە پۆلێنکردن شوێنێکی بەرچاوی لەبواری زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە و بەڵگەنامەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە باس لە ڕێکخستنی تەکنیکی دەکات بۆ زانستە مرڤایەتییەکان و لە ڕێگەیەوە سەرچاوە زانستە جۆراوجۆرەکان دەخاتە ڕوو، بەمەش پۆلێن لە کارە بنەڕەتییەکان دادەنرێت کە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکان بۆ ڕێکخستنی سەرچاوە زۆر و جۆراوجۆرەکانیان بەکاری دێنن، تا کار گەیشتە ئەوەی کە مێژووی کتێبخانەکان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە مێژووی پۆلێنەوە هەبێت و بەمەش کتێبخانە و پۆلێن بوونە دوو ڕووی یەک دراو، هەر لەبەر ئەوەشە پۆلێن بە شادەمار و بنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت، بۆ ئەوەی کتێبەکان بە شێوازیکی هونەری ڕێکبخرێن و خوێنەران و توێژەران بەئاسانی و خێرایی دەستیان بە سەرچاوەکانی کتێبخانە بگات.

## کتێبخانە

کتێبخانە شوێنی هەڵگرتن و پاراستن و ڕێکخستن و بەکارهێنانی بەرهەمی فیکری مرۆڤە، زاراوەی کتێبخانە لە کتێبەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی کتێب بەڕێژەیەکی زۆر بەشداری لەپێکهاتەی کتێبخانەدا دەکات (١).

وشەی کتێبخانە (بە عەرەبی: المكتبة، لە وشەی (الكتاب)ی عەرەبی وەرگیراوە کە ناوەرۆکی سەرەکی کتێب دەگرێتەوە (٢)، بە ئینگلیزی: (Library) دامەزراوەیەکی تایبەتە بەکۆکردنەوە و هەڵگرتنی کتێب و گۆڤار و دەستنووس و هەر سەرچاوەیەکی دیکەی زانست و زانیاری بە زمانە جیاوازەکان. کتێبخانە ناوەندێکی گرنگ و پڕ بایەخە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، واتا و پێناسی چەمکی کتێبخانەکان بەپێی ناوەرۆکی زانستی و تیۆرییەکان (٣)، بەدرێژایی سەدەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە کتێبخانە کۆنەکان وەک ئەو کتێبخانانە نین کە ئەمڕۆ دەیان بینین (٤).

لەباوترین پێناسەشدا دەتوانین بڵێین کتێبخانە، ئەو مەڵبەند و دامەزراوە زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فیکرییەیە، کە تێیدا زۆربەی زۆری بەرهەمە فیکرییەکانی مرۆڤایەتییان تێدا کۆکراونەتەوە و ڕێکخراون و پارێزراون (٥)، کە بەپێی یەکێک لە سیستەمە باوەکانی جیهان ڕێک دەخرێت، کە ئەمەش لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و ئامانجەکانی زانکۆ و پەیمانگە و کۆمەڵگە و قوتابخانەکاندا بگونجێت و ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری لە پێشکەوتن و ئاسانکاری و باشترکردنی ژیان و فێربوون و فێرکردن و پەروەردەکردندا هەیە. ئامانج لەمەش کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانستییە بەهەموو شێواز و جۆرەکانییەوە (چاپکراو و چاپ نەکراو) بە چەندان جۆرە ڕێگە (کڕین، دیاری، ئاڵوگۆڕ) و ڕێکخستنی ئەم سەرچاوانە (پێڕستکردن و پۆلێنکردنیان) و پێشکەشکردنیان بە کۆمەڵگە و

سوودمەندەکانی کتێبخانە (خوێنەران، توێژەران، خوێندکاران)، بە ئاسانترین شێوە (٦).

لە پێناسەیەکی دیکەشدا دەتوانین بڵێین کتێبخانە: دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، فێربوون، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئامانجی کۆکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییە، بە شێوە جیاوازەکانییەوە وەک چاپکراو و چاپ نەکراو، بەشێواز و ڕێگەی جیاواز سەرچاوەکانی کتێبخانە دابین دەکرێن لە ڕێگەی (کڕین، دیاری، ئاڵوگۆڕ، وەرگرتن لەبری بەخشینی ژمارەی سپاردن). ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ ئەو سەرچاوانەی کە دێنە کتێبخانە، وەک کاری تۆماری پۆلێن و پێرست (٧).

هەروەها فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە پێناسەی کتێبخانە دەکات و دەڵێت: کتێبخانە بریتیە لە ژوورێک، یان چەند ژوورێک، کە ژمارەیەک کتێب و کەرەستەی دیکەی تێدایە، بەمەبەستی بەکارهێنان لەلایەن هەموو خەڵکەوە، یان گرووپێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵ و دەزگایەک، یان هاوشێوەکانیان (٨).

ئەمەش بەئامانجی کۆکردنەوە و پەرەپێدانی سەرچاوەی زانیارییەکان بە شێوازی جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی دەستی بگات بەو سەرچاوانەی کە مەبەستیەتی. لە مێژووی شارستانیەتەکاندا کتێبخانە خزمەتێکی دیار و بێوێنەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە. وەک وتراویشە کتێبخانە ئاوێنەی شارستانیەت و پێشکەوتنی گەلانە، لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبخانە ماڵەجوان و شارە ڕازاوەکەی خوێنەران و نووسەران و بیرمەندان و شاعیران و مێژوونوسان و زمانزانان و دەروونناسان و مافناس و سیاسەتمەدار و باخچە ڕازاوە و پڕ گوڵەکەی توێژەران و هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەمینە (٩). لەم بارەیەوە عەبدوڵڵا کنوون دەڵێت: کتێبخانە کارگەی دروستکردنی عەقڵە، لەبارەی پێویستی و پێگەی کتێبخانەوە، هنری وۆرد دەڵێت: کتێبخانە جوانکاری ژیان نییە، بەڵکوو پێویستی ژیانە، هەروەها زەکی مستەفا عولەیان دەڵێت: کتێبخانە دامەزراوەیەکە لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بەکۆکردنەوەی سامانی ڕۆشنبیری و ڕێکخستن و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو. (١٠)

## مێژووی کتێبخانە

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە مێژووی کتێبخانە مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەم مێژووە لە سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤایەتییەوە دەست پێ دەکات، ڕاستییەکەی دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی کتێبخانە کەی و لەکوێ دەرکەوتووە، شتێکی ئاسان نییە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، دەرکەوتنی کتێبخانەکان هێندەی نووسین کۆنە، چونکە داهێنانی نووسین لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووداوێکی گرنگ بووە، هەروەها یەکێک بووە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شارستانێتییە دێرینەکان (١١).

بە شێوەیەکی گشتی مێژووی کتێبخانەکان بۆ هەزاران ساڵ پێشتر دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کتێبخانانەی ئەوکات هەبوون، زۆر لە کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە جیاواز بوون.

سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتنی کتێبخانە، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە یەکەمین کتێبخانەکان لە جیهانی کۆندا ئەوانەن کە لە میسۆپۆتامیا و دۆڵی نیل دەرکەوتوون، ئەمەش لە کاتێکی زۆر کۆن بووە لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، کە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا دەستیان بەتۆمارکردنی کارەکانیان و نووسینەوەیان لەسەر تابلۆی قوڕین و کۆکرنەوە و پاراستنیان لەکتێبخانەکاندا کرد (١٢).

بەشێوەیەکی گشتی مێژووی کتێبخانە بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکان بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، ئەمەش لە دەرئەنجام و تاووتووکردنی شوێنەوارە دێرینەکان دەرکەوتووە، بەتایبەت لە (میزۆپۆتامیا و دوڵی نیل) (١٣).

کتێبخانە (المكتبة) لە شارستانێتییە دێرینەکاندا بە چەندان شێوەی جیاواز ناوی هاتووە (١٤). بەپێی سەرچاوەکان، سۆمەرییەکان کتێبخانەیان ناونابوو (ماڵی تابلۆگەورەکان)، چونکە پڕبووە لە تابلۆی قوڕی گەورە (١٥)، بەڵام فیرعەونەکان بە (هۆڵی نووسراوە میسرییەکان)، یان (خانەی نووسراوە پیرۆزەکان)، یان (شوێنی بووژانەوەی ڕوح) ناویان بردووە (١٦).

مێژوونوسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە سۆمەرییەکان لە کۆکردنەوەی نووسراو و تۆمارەکانیاندا پێشەنگبوون، بەڵام ناتوانین بڵێین بەمانای کتێبخانەی ئێستا دێت، یەکەمین کتێبخانە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دۆزراوەتەوە، ئەو کتێبخانەیە بوو لە پەرستگەی لەگەش کە ناوی (تللو) بووە، نزیکەی ٣٠٠٠٠ سی هەزار تابلۆی قوڕی تێدابوو (١٧)، کە مێژووەکەی بۆ (٣٢٠٠ -٢٧٥٠پ.ز) (١٨) دەگەڕێتەوە، ئەو زانیارییانەی لەسەریان تۆمارکرابوون بریتی بوون لە دەنگوباس و هەواڵی خوداوەندەکان و هەندێک ڕووداوی مێژوویی وەک مانگگیران و خۆرگیران و لافاو و گرانی و وشکەساڵی، بەڵگەنامە و گرێبەستی ئابووری و بازرگانی و داستانە شیعرییەکان و جادوو و ئەفسانە، دوای سۆمەرییەکان لە عێراق ئاشوورییەکان هاتوون کە ئەمانیش کتێبخانەیان هەبووە و لە ناوچەکەدا شارستانییەکی زۆر گەورە و گرنگ بوون، ئەم کتێبخانەیە پڕ بووە لە تاتە قوڕی زۆر گرنگ و بایەخدار کە بە کتێبخانەی ئاشوور پانیپاڵ ناسرابوو (١٩)، کتێبخانەی شاهانەی ئاشوور پانیپاڵ کە لە هەزاران تابلۆی قوڕ و پارچە پارچەیی پێکهاتووە، ئەم کتێبخانەیە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دامەزراوە، بە تایبەتی لە ٦٦٨ تا ٦٢٧ پ.ز، ئاشوور پانیپاڵ بەباشترین شێوە دەناسرێت بۆ دروستکردنی کتێبخانەی شاهانەی ئاشوور پانیپاڵ، کە یەکەمین کتێبخانەی ڕێکخراوە سیستماتیکییەکانی جیهانە (٢٠)، پاشای ئاشووری ئاشوور پانیپاڵ ٦٦٨ - ٦٢٦پ.ز تابلۆ قوڕەکانی لە هەموو شارەکانی عێراق کۆکردووەتەوە و کتێبخانەیەکی لە کۆشکەکەی داناوە، زیاتر لە بیست هەزار تابلۆی بزماری تێدابووە (٢١).

لەگەڵ ئەوانەشدا میسرییەکانیش بیرۆکەی نووسینیان لە سۆمەرییەکان وەرگرت و خەتی هێرۆگلیفیان دانا (٢٢).

هاوکاتیش میسرییەکان گرنگی زۆریان بە نووسین دا و نووسراوەکانیان لە جێگەیەک داناوەو سەرەتا ناویان نابوو (بيت الكتابات)، واتە خانەی نووسراوەکان، مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٢٢٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، (٢٣) کتێبخانە لە میسر لە ناوچەی (جیزە، مەمفیس، تیبە) و چەند شارێکی تری میسری کۆن دۆزراونەتەوە (٢٤)، بێجگە لەوەش یۆنانییەکان لەبری کتێبخانە، وشەی (bibliotheca)یان بەکارهێناوە، ڕۆمانەکانیش وشەی (libri) یان بەکارهێناوە کە بە واتای خودی کتێب دێت و هەر لەم وشەیەوە، وشەی (library) پەیدابووە، بەواتای کتێبخانەی توێژینەوە و خوێندنەوە دێت، سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیش وشەی (مكتبة)یان، بەواتا نوێیەکەی وشەیەکی نوێیە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەکارهاتووە، چونکە عەرەب وشەی (دار، خزانة، بيت)یان بەکارهێناوە (٢٥).

ئەگەر ئاوڕێک لە شارستانی ئیسلامی بدەینەوە، گرنگی زۆر بە کتێب و کتێبخانە دراوە، بەدرێژایی

شارستانیەتی ئیسلامی چەندان کتێبخانە دامەزراون، وەک سەرچاوەیەکی مەعریفە و فیکر و زانست و خوێندن و توێژینەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کتێبخانە لە ژیاری ئیسلامیدا جۆری زۆر بووە، ئەم هەمەجۆرییەش زیاتر بۆ گرنگی کتێب و زانست و توێژینەوەی مەعریفی لەلای زانایانی موسوڵمان دەگەڕێتەوە، دەتوانین بەم شێوازە کتێبخانە لە ژیاری ئیسلامیدا بە (کتێبخانەی تایبەت و نیمچەتایبەت و گشتی) (٢٦) پۆلێن بکەین و لە سەردەمی خەلافەتی ئومەویدا بناغەی یەکەمین کتێبخانەی ئیسلامی دانرا، (مەعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان) کتێبخانەی تایبەتی هەبووە، لەم بارەیەوە (المسعودي) دەڵێت: معاویە یەک لەسەر سێی شەو دەخەوت، پاشان هەڵدەستا و ئەو تیانووسانەی دەهێنا، کە ژیاننامەی پاشاکان و هەواڵی جەنگەکانیان تێدابوو، ئامادەی دەکردن و غوڵامەکانی بۆیان دەخوێندەوە، هەروەها مەعاویە بانگهێشتی (شرية الجرهمي) کردووە، کە یەکەمین کەس بووە کتێبی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، خەلیفە مەعاویە پرسیاری دەربارەی عەرەبەکانی پێشین و پاشاکانیان لێ دەکرد، ئەویش وەڵامی دەدایەوە، دواتر خەلیفە مەعاویە فەرمانی دەکرد ئەو شتانەی کە (شرية الجرهمي) دەیڵێت بینووسنەوە، لەئەنجامدا دوو کتێبیان بە ناوونیشانی (الملوک واخبار الماضيين) و (کتاب الامثال)ی نووسییەوە، بەڵام یەکەمین کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا لەلایەن (خالید ئیبن یەزید ئیبن مەعاویە)وە دامەزرا، کە لە ساڵی (٨٥ک/٧٠٤ز) مردووە، هەر بۆیە ناوەندێکی بۆ گواستنەوەی کتێبەکان و بە عەرەبی کردنیان دروست کرد، (ئیبن نەدیم) دەڵێت: خالید بن یەزید یەکەم کەس بووە کە کتێبی پزیشکی و ئەستێرەناسی و کیمیایی بۆ وەرگێڕاوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کتێبانەی وەرگێڕاون و گرنگیان پێ درا لە سەردەمی (خالید ئیبن یەزید) دا بوونە کەرەستە و بابەتی کتێبخانەکەی خالید کە بە یەکەم گەنجینە و کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دادەنرێت (٢٧).

دواتر لە سەردەمی عەباسییەکاندا کتێبخانەکان پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، چەندان جۆری کتێبخانە دەرکەوتن، لەبوارە جیاوازەکاندا کتێب دەنووسرا، ئەم سەردەمە لە مێژووی ئیسلامدا بە سەردەمی داهێنان و پێگەشتنی شارستانیەتی ئیسلامی و گەشەکردنی کتێبخانەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەم پێشکەوتنەش بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی کاغەز و بزووتنەوەی وەرگێڕان و پشتگیری و هاندانی خەلیفە و کاربەدەستانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە (٢٨).

لەم سەردەمەدا گەورەترین کتێبخانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا (کتێبخانەی بەیتولحیکمە) یە کە لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسییەکان (هاروون ڕەشید) دامەزراو و (کتێبخانەی تایبەتی قورتوبە) کە لەلایەن حەکەم موستەنسەربیللا دامەزراوە (٢٩).

لەم ڕوانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، مێژووی کتێبخانەکان زۆر کۆنە و گەلە کۆنەکانی نێوان دوو ڕووبار و دۆڵی نیل گرنگی زۆریان پێ داوە، بەمەش گرنگی و پێویستی کتێبخانە لە شارستانییەتە جیاوازەکان بەردەوام بووە تا گەیشتووە بە کتێبخانەکانی ئەم سەردەمە.

## کتێب

کتێب کۆکراوەیەکی تابلۆیی داری، یان قوڕی، یان داری عاجییە، یان کۆمەڵێکی کاغەز، پێست، یان مادەیەکی لەو شێوازانەیە، ئەگەر دەستنووس، یان چاپکراو، یان بەهەر شتێکی

دیکە نووسرابێت (٣٠)، هەروەها پەرتووک، یان کتێب، ناوەندێکی تۆمارکردنی زانیارییە لە شێوەی نووسین، یان وێنە، بەشێوەیەکی تایبەت لە چەند لاپەڕەیەک پێک دێت و پێکەوە بەندکراون و بەبەرگێک پارێزراوە.

کتێب، یان پەرتووک (بە عەرەبی: کتاب، بە ئینگلیزی : (book) ناوێکە بۆ یەکێک لە پیرۆزترین بەرهەمەکانی مێژووی بیری مرۆڤایەتی بەکاردێت. کتێب زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە و لەپێناو لەبیرنەچوونەوە و پاراستنیان لە فەوتان دەخرێتە سەر لاپەڕەکان، کتێب جوانترین دیاری و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، گەورەیی و پیرۆزی کتێب لەوەدایە خودای گەورە خاوەنی کتێبە (٣١).

کتێب کۆبوونەوەی ئەزموونی مرۆڤەکانە بە شێوەی نووسراوی ئەزموونی کاری تەواوی مرۆڤەکانە، بەسەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا کە نەماون و لەنێوچوون، بەڵام لەنێو کتێبەکاندا تۆمارکراون، بۆیە گرنگی کتێب لەوەدایە کە ئەزموونەکان بەزیندوویی دەهێڵێتەوە و وەک ئاوێنەی تێڕوانین، هەست و سۆزەکان و پێشکەوتنی ئەو سەدەیە پیشان دەدات، لەبەر ئەوە کتێب نرخی مێژوویی و فەرهەنگی و شارستانی خۆی هەیە و ڕۆڵی بەنرخی کتێب بەرانبەر بە ژیار و کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ وەک هۆکارێکی گوازراوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان خۆی دەردەخات (٣٢) و هەموو مرۆڤایەتی بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایین و ڕەگەزیانەوە کتێب بە پیرۆز دەزانن و هیچ کەسێک نییە لەم جیهانە پانوبەرینەدا دژی کتێب بێت، بەڵام وەک کاڵا نەک وەک ناوەرۆک، چونکە ناوەرۆکی کتێب هەموو جارێک بە دڵی خوێنەر نابێت و جاری واش هەیە وا لە خوێنەر دەکات کە نەک هەر بەدڵی نەبێت، بەڵکوو دژیشی بوەستێت، بەڵام وەک کاڵایەک کتێب لەلایەن هەموو کەسێک و هەموو بیروباوەڕێکەوە بە سەرچاوە و بنچینەی زانست و داهێنان و پێشکەوتن دادەنرێت. وتراویشە کتێب یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی نەمری، لە مێژووی شارستانیەتەکاندا، ئەو شارستانیەتانەی لە مێژوودا گرنگییان بەنووسین و کتێب داوە، ناویان بە نەمری لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ماوەتەوە. لەم بارەیەوە یووسف زێدان کە ڕۆشنبیرێکی میسرییە دەڵێت: (ئەو گەلەی دەخوێنێتەوە دەمێنێتەوە) گەلی خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەتا هەتایە دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، بەڵام گەلێک ئەگەر کتێب نەخوێنێتەوە وەک ژمارە و بوونی مرۆڤایەتی دەمێنێت، وەک ئامادەیی هێز و خۆسەلماندن لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو میللەتە بە نەبوو دێتە هەژمار، هەر بۆیە کتێب کاریگەری لەسەر هەموو ژیانی مرۆڤەکان هەیە، بەتایبەتی کولتوور و توانایی هزری لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

لەگەڵ هەموو ئەو پێناسانەی بۆ کتێب کراون، بەڵام لەباوترین پێناسەشیدا، وەک هەژار موکریانی دەڵێت: (دۆستی ڕاست و بێ منەت کتێبە و بەس، مێژووت بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی کۆن و تازەت بۆ دەگێڕێتەوە، لێی بپرسە جوابت دەداتەوە و هەرگیز منەتت بەسەردا ناکات) (٣٣).

ڕێکخراوی یونیسکۆ بەم شێوەیە پێناسەی کتێب دەکات: (هەر بەرهەمێکی فیکری کە لە دووتوێی دوو بەرگدا بێت و ناوونیشان و نووسەرێکی هەبێت و کۆی گشتی لاپەڕەکانی بگاتە (پەنجا) لاپەڕە، ئەوە بە کتێب دادەنرێت) (٣٤).

**پەراوێزەکان:**


١ - شاهۆ عوسمان سەید قادر: کتێبخانەی قوتابخانە و خوێندنگەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٧، ل ١١٨.

٢ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي، دەستپێک لە زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان، و: شێرزاد سەعید محەمەد، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦١.

٣ - کۆمەڵێک نووسەر: چەند تیشکێک لە خۆری شارستانێتی ئیسلامی، بڵاوکراوەی توێشووی قەڵەم، چاپخانەی ڕێنوێن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٤١

٤ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

٥ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: کتێبخانە لەنێوان سەرهەڵدان و ناسیندا، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٤.

٦ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي، ل٦١، د.فريدة محمد عبدالعال علي: آليات تصنيف المكتبات، دار المعتز، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠١٥، ص٢٥٥.

٧ - شاهۆ عوسمان سەید قادر: کتێبخانەی قوتابخانە، ل١١٩.

٨ - قاموس اكسفورد الحديث، مطبعة بولاق، القاهرة، ٢٠١٨، ص ٦٩١.

٩ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

١٠ - زكي مصطفى عليان: دور الكتب والمكتبات في الحضارة العربية الاسلامية، مركز الدراسات الفكرية للنشر، القاهرة،د.س، ج٢، ص ٨٧٦.

١١ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: کتێبخانەکانی عێراق و ڕۆڵیان لە پێشخستنی شارستانێتی ئیسلامیدا (١٣٢-٤٤٧ک / ٧٥٠-١٠٥٥ز)، (نامەی ماستەر)، زانکۆی هەڵەبجە، ٢٠٢٣، ل٧.

١٢ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: هەمان سەرچاوە، ل ٨-٩.

١٣ فائزە ئەحمەد: مێژووی کتێبخانەکانی هەولێر، چاپخانەی هونەری وڵات، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢، ل٣٢؛ شێرزاد سەعید: بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لەکتێبخانە و بنکەی زانیارییەکاندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٣.

١٤ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

١٥ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

١٦ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

١٧ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي: هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

١٨ - کۆمەڵێک نووسەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

١٩ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩، ئاسۆ محەمەد مەحموود: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

٢٠ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: سەرچاوەی پێشوو، ل٩-١٠؛ فائزە ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٧-٣٩.

٢١ - فائزە ئەحمەد: هەمان سەرچاوە، ٣٢.

٢٢ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٢٣ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

٢٤ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٢٥ - د.ربحي مصطفى عليان، د.امين النجداوي: هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

٢٦ - کۆمەڵێک نووسەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

٢٧ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١-١٢.

٢٨ - ئاسۆ محەمەد مەحموود: هەمان سەرچاوە، ل١٢.

٢٩ - کۆمەڵێک نووسەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٨٩-٩١.

٣٠ - سوند دال: مێژووی کتێب، و: ئەدهەم ئەمین، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل١.

٣١ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو. ٢٣.

٣٢ - سوند دال: سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٣٣ - هەژار موکریانی: چێشتی مجێور، بێ چاپخانە، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل٤.

٣٤ - جەزا ئەحمەد قەرەداغی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.